
**ئەفسانە سروش**

## حەسرەتە مردوەکانم

لەکوێن دوو
باڵی حەسرەتەکانم
پێش ئەوەی
پێیان بفرم
لێیان کردنەوە
لەکوێن لەکویێ؟
ئاخر لەناو سەختی
ئەم جەنگەڵەدا
پاسارییە حەسرەتاکانی من
چۆن بەبێ باڵ
ئەگەنەوە ناوەراستی
بەهەشت و سێوی ژیانتان
بۆ بچنن.

ئەفسانە سروش

****

گڕی عیشقم

بۆ سزادانم بە تاوانی
عیشقت
بەدۆزەخ مەمترسێنە
خۆم، دۆزەخێکم
ناو دڵی من بەبێ بوونی تۆ
دۆزەخێکە
ناو دڵی خوداشی سوتاندوە
تینی ئاگرێکە،
زەویشی تواندۆتەوە،
چاوی
ئەهریمەنی
لەخاچ داوە.

ئەفسانە سروش